# دێمە لای تۆ خۆشەویستم..

سۆران ئازاد– چۆمان
Soran_darbandy@yahoo.com



عەشق "شەماڵ *"ی وێران کرد و
حەسرەتەکانی پڕن لە نا ئومێدی.
کاتێ خەیاڵی بەرۆکی ڕەنگەکان دەگرێت و
ڕەش سیمایان و سوور دابڕان و زەردی بیابان
تێکڕا گریانێك لە قوڕگی تابلۆکەی سەردەردێنی و
بەدەم ئازاری شەوانەی غوربەت هاوار دەکات:
(دێمە لای تۆ خۆشەویستم
دڵم ترپەترپییەتی لەتاو دووریت
دەبا بەس بێت ئەو هەموو ئازارە
دێمە لات و دەبینەوە دوو منداڵ
سورای پایسکلێك دەبین و لەدارستان پیاسە دەکەین.
بۆیەکمجار وەك دوو هەرزەکاری سەرشێت و عاشق
یەکتر لە باوەش دەگرین و
ماچ لە ئاسمانی عەشقمان دەبارێنین
جار جاریش تۆ سینەتم بۆ بکەوە و
من بەدەم شەهوەتێکی زۆرەوە بەخۆمت ڕادەمووسم.
بەس توخوا.. ئەمجارەیان نەخەڵەتیت بە دێو و درنجەکانی شار
خوا ئاگای لەتۆی فریشتە بێت.
تۆ ئەو ڕەنگەی لەدوور خۆتەوە بانگم دەکەیت و
منیش دەمێکە خەیاڵم بۆت ڕسکاوە و
هەرچەند بەدواتدا وێڵگەرم، ناتدۆزمەوە.
نازانم ئێستا تۆ لەکام گۆشە پووچەکانی ژیانیت..
دەترسم، کە دێمە لات ئیتر کەسەکەی جاران نەبیت
دەترسم، کە دێمە لات نیوەت لە لمی ئەنفال و
نیوەی تریشت لە چاوەڕوانی من، پیر بووبێت.

**دەترسم، لێوت بەشی ماچێکی منی تێدا نەمابێت.**

**هێندەی ترسی ئیماندارێك لە دۆزەخ**

**من دەترسم ژیان تۆی پڕ کربێت لە ئازار.**

**ژیان تۆی لەسەر پێخەفە پیسەکانی ئەوان جێهێشتبێت.**

**ئاخر من دەزانم ئەو پووچییەی ژیان کەی بەشی بەختەوەریم دەکات.**

**ئاخر منی وەچەی تەپوتۆزگرتووی عەشق**

**ئاخر منی بێئومێد لە بەردەم سەرلێشێواویم**

**لەتەك غوربەتێکی پڕ لە حەسرەت**

**لەتاو ئەو دەنگانەی شەو لە بیابانەوە دێن و**

**بەدەم ڕاکێشانی من بۆ ڕەنگە مردوونیشینەکانییان**

**بەدەم کوشتنی من لەناڵەی رۆحە بیابانییەکان**

**منی پڕ لە ڕەنگی لم**

**منی پڕ لە تابلۆی تەواو نەکراوی بیابان**

**منی پڕ لە ئیقاعی جەلادەکان**

**منی پڕ لە ناڵە ناڵی ئاگر و**

**منی بێ خوا لە ئەنفال،**

**کەی بەشی باوەشێکی تۆ دەکەم..؟!**

**ئاخر دەترسم تۆش وەك من ڕەشبین بیت و**

**ژیان دەروازەی شادییەکانت دابخا.**

**بەڵام توخوا شەوێك لە باوەشم بگرە،**

**هەر هیچ نەبێ، لە باوەشی تۆی فریشتە بچمە قوڕگی مەرگی ئەوێ).**

-----

***/ ئاماژەیەکە بۆ تابلۆی (دێمە لای تۆ خۆشەویستم) کە هی (شەماڵ عادیل سەلیم)ی شێوەکارە.**